# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی پێگەیشت سەبارەت بە ناکۆکی لە نێوان بەنی عەمرو کوڕی عەوف، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ چەند کەسێک دەرچوو بۆئەوەی ئاشتەوایی بەدیبهێنیت لە نێوانیاندا

لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدیەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی پێگەیشت سەبارەت بە ناکۆکی لە نێوان بەنی عەمرو کوڕی عەوف، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ چەند کەسێک دەرچوو بۆئەوەی ئاشتەوایی بەدیبهێنیت لە نێوانیاندا، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەگەڕایەوە وکاتی نوێژکردن هات، بیلال هات بۆ لای ئەبو بەکر -ڕەزای خوایان لێبێت-، ووتی: ئەی ئەبوبەکر، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەگەڕایەوە وکاتی نوێژکردن هاتووە ئایا دەتوانی پێشنوێژی بکەیت بۆ خەڵکی؟ ووتی: بەڵێ، ئەگەر بتەوێت، بیلال قامەتی کرد بۆ نوێژ ئەنجامدان، وئەبوبەکر پێشکەوت وتەکبیرەی کرد (ووتی: الله أكبر) وخەڵکی تەکبیرەیان کرد، لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە نێو ڕیزەکاندا هات ولە ڕیزی یەکەم وەستا، وخەڵکی ئاماژەیان کرد* بۆ ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت-، وئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- هەرگیز لە نوێژدا ئاوڕی نەدەدایەوە، بەڵام کاتێک خەڵکی ئاماژەیان زۆر کرد؛ ئاوڕی دایەوە وپێغەمبەری خودای بینی -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆی کرد بۆئەوەی بەردەوام بێت لە نوێژەکەدا، ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- دەستی بەرزکردەوە وحەمد وسوپاسی خودای کرد، وگەڕایەوە دواوە هەتاوەکو لە ڕیزی یەکەمدا وەستا، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چووە پێشەوە وپێشنوێژی کرد بۆ خەڵکی، کاتێک نوێژەکەی تەواو کرد؛ ڕووی لە خەڵکی کرد وفەرمووی: «ئەی خەڵکینە، بۆچی (بەو شێوەیە) ئاماژەدەکەن کاتێک شتێکی نائاسایی ڕوودەدات لە کاتی نوێژدا؟ ئاماژەکردن بۆ ئافرەتانە، هەرکەسێک شتێکی نائاسایی بینی لە نوێژەکەیدا، با بڵێت: (سبحان الله)، چونکە ئەگەر هەرکەسێک گوێی لە (سبحان الله) بێت؛ ئاوڕ دەداتەوە، ئەی ئەبوبەکر: ئایا چی ڕێگر بوو لەوەی پێشنوێژی بکەیت بۆ خەڵکی لەکاتێکدا ئاماژەم بۆت کرد؟» ئەبوبەکر ووتی: چۆن دەکرێت کوڕی ئەبی قوحافە پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات لەکاتێکدا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئامادەیە!. *(ئاماژەیان کرد: مەبەست ئەوەیە دەستی ڕاستیان دەدا بەسەر پشتی دەستی چەپدا بۆئەوەی دەنگێک دەربچێت وئەبوبەکر ئاگادار بکەنەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامادەیە بۆئەوەی ئەو بچێتە پێشەوە پێشنوێژی بکات)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی پێگەیشت سەبارەت بە ناکۆکی لە نێوان بەنی عەمرو کوڕی عەوف، هەتاوەکو گەیشتە کوشتار بەرامبەر یەکتر، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ چەند کەسێک لە هاوەڵانی دەرچوو، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دواکەوت ونەگەڕایەوە وکاتی نوێژکردن هات، هەروەکو لە گێڕانەوەی (البخاري) هاتووە: (فلما حضرت صلاة العصر أذن وأقام وأمر أبا بكر فتقدم) واتە: (کاتێک کاتی نوێژی عەسر هات؛ -بیلال- بانگی دا وقامەتی کرد وفەرمانی بە ئەبوبەکر کرد کە پێشبکەوێت -بۆئەوەی پێشنوێژی بکات-)، پاشان بیلال هات بۆ لای ئەبو بەکر -ڕەزای خوایان لێبێت-، ووتی: ئەی ئەبوبەکر، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەگەڕایەوە وکاتی نوێژکردن هاتووە ئایا دەتوانی پێشنوێژی بکەیت بۆ خەڵکی؟ ووتی: بەڵێ، ئەگەر بتەوێت، بیلال قامەتی کرد بۆ نوێژ ئەنجامدان، وئەبوبەکر پێشکەوت وتەکبیرەی کرد (ووتی: الله أكبر) وخەڵکی تەکبیرەیان کرد، لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە نێو ڕیزەکاندا هات، لە گێڕانەوەی (البخاري)دا ئەم بەشە زیادە هاتووە: (يشقها شقاً) واتە: (-ڕیزەکانی- بە خێرایی دەبڕی -لە نێوانیانەوە بە خێرایی دەهات-)؛ هەتاوەکو لە

ڕیزی یەکەم وەستا، هەروەکو لە گێڕانەوەی (مسلم) دا هاتووە: (فخرق الصفوف حتى قام عند الصفّ المقدم) واتە: (ڕیزەکانی بڕی هەتاوەکو لە ڕیزی یەکەم وەستا)، وکاتێک خەڵکی زانیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامادەیە ئاماژەیان کرد* چونکە حەز دەکەن پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژیان بۆ بکات، وئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- ئاماژەکەیانی بیست بەڵام نەیزانی هۆکارەکەی چییە، ولە نوێژدا ئاوڕی نەدەدایەوە چونکە دەیزانی نەهی لێکراوە ولە شەیتانەوەیە وتووشی بەندەی دەکات لە نوێژەکەیدا هەروەکو لە گێڕانەوەی (الترمذي) هاتووە، بەڵام کاتێک خەڵکی ئاماژەیان زۆر کرد؛ ئاوڕی دایەوە وپێغەمبەری خودای بینی -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆی کرد بۆئەوەی بمێنێتەوە وبەردەوام بێت لە پێشنوێژی کردن، هەروەکو لە گێڕانەوەی (البخاري)دا هاتووە: (فأشار إليه أن امكث مكانك) واتە: (ئاماژەی بۆیکرد لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە -بەردەوام بێت لە پێشنوێژی کردن-)، ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- دەستی بەرزکردەوە وحەمد وسوپاسی خودای کرد، بەهۆی ئەم مامەڵە جوانەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەرامبەری، وپاشان بە چەند هەنگاوێک گەڕایە پاشەوە هەتاوەکو لە ڕیزی یەکەمدا وەستا، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چووە پێشەوە وپێشنوێژی کرد بۆ خەڵکی، کاتێک نوێژەکەی تەواو کرد؛ ڕووی لە خەڵکی کرد وفەرمووی: (ئەی خەڵکینە، بۆچی (بەو شێوەیە) ئاماژەدەکەن کاتێک شتێکی نائاسایی ڕوودەدات لە کاتی نوێژدا؟ ئاماژەکردن بۆ ئافرەتانە)، پاشان ڕوونیکردەوە ئەوەی سونەتە ئەنجامبدرێت ئەگەر شتێکی نائاسایی ڕوویدات لە کاتی نوێژدا، فەرمووی: (هەرکەسێک شتێکی نائاسایی بینی لە نوێژەکەیدا، با بڵێت: -سبحان الله-، چونکە ئەگەر هەرکەسێک گوێی لە -سبحان الله- بێت؛ ئاوڕ دەداتەوە). پاشان فەرمووی: (ئەی ئەبوبەکر، ئایا چی ڕێگر بوو لەوەی پێشنوێژی بکەیت بۆ خەڵکی لەکاتێکدا ئاماژەم بۆت کرد؟)، ئەبوبەکر ووتی: چۆن دەکرێت کوڕی ئەبی قوحافە پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات لەکاتێکدا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئامادەیە! ئەمیش لە نیشانەی خۆشەویستی وڕێزگرتن وبەمەزندانانی ئەبوبەکرە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-. *(ئاماژەیان کرد: مەبەست ئەوەیە دەستی ڕاستیان دەدا بەسەر پشتی دەستی چەپدا بۆئەوەی دەنگێک دەربچێت وئەبوبەکر ئاگادار بکەنەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامادەیە بۆئەوەی ئەو (بچێتە پێشەوە پێشنوێژی بکات

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6973

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee